ئەی پێغەمبەری خودا، هاوسەرگیریم لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد، فەرمووی: چەندێکت پێی بەخشی وەکو مارەیی؟، ووتی: هێندەی کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون، فەرمووی: خوای گەورە بەرەکەت وپیرۆزیت پێ ببەخشێت، وەلیمە ئەنجامبدە ئەگەر تەنانەت بە مەڕێکیش بێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- (دەڵێت): پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- عبدالرحمانی کوڕی عەوفی بینی، وشوێنەواری زەعفەران بە لاشەیەوە بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەمە چییە؟». ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هاوسەرگیریم لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد، فەرمووی: «چەندێکت پێی بەخشی وەکو مارەیی؟»، ووتی: هێندەی کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون*، فەرمووی: «خوای گەورە بەرەکەت وپیرۆزیت پێ ببەخشێت، وەلیمە** ئەنجامبدە ئەگەر تەنانەت بە مەڕێکیش بێت». *(کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون: پێوەرێکی ئەو سەردەمە بوو بۆ کێشانی ئاڵتون، پێنج درهەم (دەکات)، **(وەلیمە: ئەو خواردنەوەیە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئامادە دەکرێت، وخەڵکی داوەت دەکرێت

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شوێنەواری زەعفەرانی بینی لەسەر جلەکانی عبدالرحمانی کوڕی عەوف، ودەبێت پیاوان بۆنێک لە خۆیان بدەن کە بۆن بکرێت وشوێنەواری دیار نەبێت، بەڵام زەعفەران بە پێچەوانەوەیە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەکو -ئینکاری کردنێک- لەسەر ئەمە پرسیاری لێکرد، ئەویش ووتی: تازە هاوسەرگیری کردووە، لەوەیە شوێنەواری هاوسەرەکەی بێت بەسەر جلەکانیەوە مابێت. چونکە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەسۆز وبەزەیی بوو، وبەردەوام سەبارەت بە حاڵی هاوەڵان پرسیاری دەکرد، بۆئەوەی هانیان بدات لەسەر چاکە ونەهیان لێبکات لە شتی ناشیرین وخراپ، پرسیاری کرد سەبارەت بە مارەیی ئەم هاوسەرگیرییە. ئەویش (عبدالرحمان) ووتی: مارەییەکەی هێندەی کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون* بوو مارەییەکەی. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای بۆی کرد بەوەی خودا ژیانی پیرۆزی وبەرەکەت بکات، وفەرمانی پێیکرد بەوەی وەلیمە** ئەنجامبدات ئەگەر بە سەربڕینی مەڕێکیش بێت. *(کێشی ناوکە خورمایەک لە ئاڵتون: پێوەرێکی ئەو سەردەمە بوو بۆ کێشانی ئاڵتون، پێنج درهەم دەکات)، **(وەلیمە: ئەو خواردنەوەیە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئامادە دەکرێت، وخەڵکی داوەت دەکرێت)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6032